# تورکیا هەڵبژاردنیشی کرد
# کەچی قەیرانی دەسەڵات وەک خۆی ماوەتەوە

مەهدی کاوانی/بەریتانیا
mahdikawani@yahoo.co.uk



دەوروبەری دوو مانگ بەر لە ئێستا چەند بابەتێم لە سەر هەڵبژاردنی تورکیا نووسی یەکێکیان لە ژێر ناونیشانی *(پێم وایە هەڵبژاردنی 22ی تەمموزی ئەو ساڵ قەیرانی حوکم لە تورکیا بەرەو ئاڵۆزتر دەبا نەک چارەسەر)* .ئێستاکەش خەریکە زەنگی مەترسی دووبارە لێ بداتەوە. تەنیا هەفتەیەک ماوە کە دەبێ مەسەلەی پۆستی سەر کۆمار یەکلا ببیتەوە .

عەبدوللە گۆلی کاندیدی ئەکەپە لە خولی یەکەمی هەڵبژاردنی سەرەک کۆمار کە دوێنێ بوو، دەکاتە 20ی مانگ سەرکەوتنی بە دەست نەهێنا،چونکە تەنیا دەنگەکانی پارتەکەی 240کۆ یەک لە جیاتی 367 وەدەست هێنا.هەردو پارتی نیشتمانی و چەپ( 71 ، 13 کورسی) هەر یەکە دەنگەکانی خۆی دایە کاندیدەکەی خۆی و کوردەکانیش کارتی سپیان فڕێ دایە ناو سندوقی دەنگدان.سەباحەدین شاکماک ئۆغلۆی وەزیری بەرگری پێشتر کە کاندیدی تەیاری قەومی بوو 70 کورسی واتە بە کورسیەک کەمتر لە کۆی کورسیەکانی پارتەکەی وەدەست هێنا . تایفۆن ئەشلیش کە کاندیدی پارتێکی چەپ بوو بە قەدەر کورسیەکانی پارتەکەی 13 کورسی وەدەست هێنا. پارتی گەلی کۆماریش بایەکۆتی ئەو هەڵبژاردنەی کردو پێیوابوو هەر بەشداری کردنێک لە جۆری وەها دەبێتە هۆی لە دەستدانی یان بەردەوام نەبوونی عەلمانیەت لە تورکیا لێدەکەوێتەوە، هەتا کاری وەهای بە خەیانەتیش دەدایە قەڵەم . بە نسبەت کوردەکانیش لە بەر ئەوە کارتی سپیان خستە ناو سندوقوکە چونکە پارتی عەدالەو گەشەپێدان ئامادە نەبوو داواکەیان جێ بەجێ بکات بەوەی دەبێ باس کردن لە سەر چارەسەری کێشەی کورد بۆ لەمەودوای حکومەتی تازە یەکێ لە کارەکانی بێت و ئەو داوایە لە لایەن ئەکەپە بە نەرێ وەڵام درایەوە بەوەی کە دەبێتە سازش کردن بۆ پارتی کرێکارانی کوردستان .

دیارە کاندید کردنی پارتی قەومی کە( دەولەت بەهشتلی) سەرۆکایەتی دەکات زیاتر بۆ ئەوە بوو کە بیانگۆکانی پارتی گەلی کۆماری و هێرشەکانی وەلاوەنێت بەوەی کە ئەوانیش کاندیدی خۆیان هەیەو بە تەمای بردنەوەن ،کەچی لە ڕاستیدا دەیان زانی لە ئەوەندە دەنگەی کە هێنایان زیاتر نایهێنن .

سوپاش تا ئێستا بێدەنگی خۆی نیشان داوەوە و لێدوانی ئەو تۆ لەو بارەیەوە ناکا تەنیا ئەوە نەبێت کە ئەوان ئامادەنینە ئەو ئیستعرازەی سوپا بە ناوی جەژنی سەرکەوتنیان کە دەبێ لە 30ی ئەو مانگە بکرێ ،ئەگەر بێت و گۆل سەرکەوێ و ژنە بە پەچەکەی لە گەڵ بێت و بە هۆیەوە میسداقیەتی ئەو ئیستعرازە لە دەست دەدرێت ، ئەنجام بدەن. پێش دەچی ئەگەر ئەو حالەتە هاتە پێشەوە ژنەکەی گۆل ئامادەی بەشدار کردن نەکرێ .

بڕیار وایە خولی دووەمی هەڵبژاردنی سەرکۆمار لە 24ی ئەو مانگە دەست پێ بکاتەوەو لەوانەشە کاندیدەکان و شێوەی دەنگدانەکان وەک چۆنە هەر وەها بمێنێتەوەو لە ڕێگەیەوە دووبارە گۆل سەرکەوتن بە دەست نەهێنێ وحەسمی کۆتایش بۆ خولی سێیەم و چوارەم بڕوات . بەڵام دەبێ ئەوەش بڵێین بۆ خولی سێیەم گۆل دەتوانێ بە دەنگی پارتەکەی بگاتە کۆشکی کۆماری ،واتە تەنیا 276 دەنگی پێویستە.

دەبێ ئەوەش بڵێین ڕاستە خەلکانێکی تا بڵێیت زۆر لە کۆمەلگای مەدەنی بە تایبەتی ئەوانەی لە سەر حیسابی حیزبە سیاسیە ڕکە بەرەکان حیساب نەکراون دەنگیان داوەتە ئەکەپە لە بەر ئەوەی نا کە خۆیان لە ناو ئەو پارتەی ڕێک خستووە بەلکو زۆری لە بەر ئەوە بووە کە ئەوانیان بۆ ئایندەی تورکی پێ مەعقول تر بووە . بەڵام ناشیانەوێ لە ڕێگای

کاندیدێکی لە بارەی گۆلەوە ژیانیان و چالاکیە ئابووری وکۆمەڵایەتیەکانیان لێ تێک بچێت . واتە بە هیچ شێوەیەک لە گەڵ کودەتای سەربازی نینە ،هەر بۆیەشا بۆ بەدوور خستنەوەی کودەتا پێیان باشە گۆل کاندید نەکرێت بەلکو یەکیکی تر بێت کە پێیەوە گیروگرفتەکان نەهێلدرێت .

بە ڕای خۆم کەس ناتوانێ پێشبینی کردن و نەکردنی کودەتای سەربازی بکا چونکە کێشەکان ئەوەندە ئاڵۆزو چوونەتە ناویەکتری و سنووری نیشتمانی بەزاندوەو چووەتە دەرەوەش . دەتوانم ئەوە بڵێم کە قەیرانی حوکم لە تورکیا خەریکە بە جیهانی بکرێت . لە لایەکەوە ئەوروپا ئەو نیوەندە دینیەی کە ئەکەپە هەلی بژاردووە واتە میانڕەوی، ئەوان پێیەوە مورتاحن بەڵام هەنگاوی گەلێ لەوە زیاتریشیان بۆ تورکیا دەوێ ئەگەر بیەوێت بێتە ناو ئەوروپا. ئەمەریکاش وەک فەرمی هەمان قسەی ئەوروپا دەکا لە مەڕ مەعقولیەتی ئەو پارتە ،بەڵام ئەجندای خۆشی لە مەڕ چۆنیەتی مامەلە کردنی لەمەو دوای بۆ پارتی ناوبراو دیاری نەکردووە . بە تایبەتی ئێستا بەچڕی لە ناوچەکەیەو دژایەتیشی لە گەل ئێران کەوتۆتە سەر لێوان و هەلبەتە ئەوها لە تورکیا وەک جاران دێتە پیشەوە کە پێگەی جارانی لە هاوکاری کردنی لە گەڵ ئەمەریکا لە دەست نەدات لەوانەیە ئاگاداری شتی لەو بابەتانەشیان بکەنەوە کە ئەگەر تورکیا بیەوێ تا سەر لە گەڵ ئێمە بەڕێ بکەوێ نابێ تەجروبەی 2003ی ڕیگەنەدانی سوپای ئەمەریکی لە خاکی خۆی دووبارە بکاتەوە . بەکورتیەکەی حەتمیەن ئەمەریکا ئەوەی لە ئەردۆگان دەوێ کە بکەویتە خانەی دژە ئێران . بەڵام ئایا تورکیا ئەو داخوازیەی ئەمەریکیەکان جێ بەجێ دەکات کە دەبینین ئیستاکە پەیوەندی لە گەڵ ئێران خۆشەو زۆر جار بانگێشەی وەها دەدەن کە ئەوان لە تەڕەفی دژایەتی نێوان ئەمەریکاو ئێران بێ لایەنن .گریمان ئەردوگان پێی خۆش بیت ئەو داخوازیەی ئەمەریکا جێ بەجێ بکات چۆن وەڵامی بنکەی پارتەکەی خۆی دەداتەوە کە لە ڕێگای ڕەنگی دینی بە سەرکەوتیەو لەدینیش بدات .کەواتە لەو حالەتە ئەمەریکا چی بکات باشە، دەستبەرداری بەرژەوەندیەکانی بێت بۆ خاتری ئەو پەڕەگرتنە نوێیانەی تورکیا یان خەیاری تر بینێتە پێشەوە . کە تورکیا بە دامەزراوە سەربازی و حکومی و پارتە علمانی و قەومیەکانیەوە بەو دوایەی ئەمەریکا بەوە تاوانبار دەکەن کە ژێراو ژێر هاوکاری لە گەڵ پەکەکە دەکات ، هەق وایە ڕاستی لە قسەکانیان دەربێنین . بە مەزندەی من ئەمەریکا کاری وەهاش دەکات و کاری ژێراو ژێریشی لە گەڵ دامەزراوە سەربازیەکان هەیەو لە سەر هەردوو هێڵی با دژ بەیەکیش بن کار دەکات. واتە هێلی سوپاو هاوکاری کردن لە گەڵ پەکەکە. لە دوا جاردا کارەکە لە سەر کامەیان ڕاوەستا ئەوی بە ئامانج دەگەیەنێ، ئەوە لە حالەتێکادایە ئەگەر نەیتوانی وا لە حکومەتی ئەردۆگان بکات کە بکەوێتە خانەی دژە ئێران . دیارە کودەتای سەربازیش لە ناو ئەو هەلومەرجە شەعبەویەتەی ئەکەپە ، لەوانەیە وەک کودەتای ڕووسیای ساڵی 1991ی لێ بێتەوە کە سوپا بە سەر حکومەتی کردو بە فڕۆکە پەڕلەمانی ڕوسیای دایە بەر مووشەک ، بە دواشیەوە سەرکەوتنی بە دەست نەهێنا .حەتمیەن ئەمەریکیەکانیش بیریان لەوە کردۆتەوە کە سوپا تا چەند بڕ دەکات. کەواتە خەیاری داکۆکی کردن لە پەکەکە برەوترینیانە کە ئەمەریکا بیەوێ لە ڕێگەیەوە کۆسپ و تەگەرە بۆ حکومەتە تازەکەی بنێتەوە تا وای لێ دەکات ملکەچی بڕیارەکانی بێت . بەڕاستی ئەو ئاماژانەی سەرەوە تەحەدیەکی گەورەیە کە ڕوو بە ڕوی ئەردۆگان و گۆل و حکومەتەکەیان دەبێتەوە.

تەحەدی دووەمیش کێشەی کوردە . پەڕلەمانتارە کوردەکان هەر لە ئێستاوە کارتی سپیان فڕی داوەتە سنوقی هەلبژاردن لە سەر ئەوەی کە حکومەتی ئایندە نایەوێ باس لە کێشەی کورد بکات ، لەوانەیە پەڕلەمانتارە کوردەکانی تریش لە ناو حیزبەکەی با خۆیان بە تورک کاندید کردبێت بەڵام ئەو دەنگانەی وەدەستیان هێناوە کەهەندێ لە دەنگۆکانی ڕاگەیاندن ژمارەیان زۆر لە سەرووی 100 کەس دەبێت و لە ناو خەلکیش بەوە دەنگیان هێناوە کە ئەردۆگان بڕیاری پی داون کێشەی کورد دەباتە پێشەوە . بۆیە ئەو پەڕلەمانتارانەش بمانەیت نەمانەوێت لە سەر کێشەی سۆزی نەتەوایەتی ناتوانن تا سەر بێ دەنگ بن چونکە گوشاری جەماوەرەکەیان دەکەوێتە سەر لەو حالەتە لە پەڕلەمانتارەکانی لیستی کورد زیاتر نزیک دەبنەوە . بە تایبەتی ئەگەر ئەو دەنگۆیانە بکەویتە ناویانەوە کە ئەمەریکا بۆ لەمەو دوا هاوکاری لە گەڵ پەکەکە دەکات یان پەکەکە سنوری سیاسی و ڕوبەڕوبونەوەکانی فراوانتر بێت .

لێرەدا پرسیارێ یان چەند پرسیار خۆیان بەدەردەخەن وەک بڵێن باشە حیزی عەدالەو گەگەشەپێدان یان عەبدوللە گۆل بۆچی سوورە لە سەر کاندیدی خۆی ، خۆ دەکرێ ئەگەرکێشەکانیان لە ڕیگەیەوە کەمتر ببنەوە بیر لە کاندیدێکی تری

هی هەمان پارتی خۆیان بکەنەوە . ئەو دیاردەیەش تەحەدی سییەمە کە ڕووبەڕووی حکومنەتی تازەی تورک دەبیتەوە. قسەو باس لە سەری زۆرە . هەندەک دەڵێن ئەو قسانە داوای ئەردۆگانیش بوو بەڵام گۆل نەهاتە بن بارو لە ڕیگەیەوە ئەردۆگانیش بێ دەنگی لی کرد نەوەکا دووبەرەکی بکەوێتە ناو پارتەکەیان . دەنگۆی ئەوهاش هەیە ئەوان کاری وەها بە تەنازول و بە هاتنە خوارەوەی هەیبەتی پارتەکەیان دەزانن چ لە بەردەم جەماوەریان یان بەرامبەر بە نەیارەکانیان بەوەی ئەگەر بێت و کاری وەها قبوڵ بکەن تەنازولی تریش بە دواوەی دێت . دەبێ ئەوەش بڵێین پێش هەلبژاردنی ئەو جارەی پەڕلەمان دەنگۆی نەیارەکانی ئەکەپە ئەوەیە کە ئەردۆگان ئامادە بووە پاش هەلبژاردن کاندیدی تر لە شوێن گۆل دەستنیشان بکات و ئێستاکە بەوە تاوانباری دەکەن کە ئەردۆگان لە وادەی خۆی پەشێمان بووەتەوە، ئەوە جگە لەوەی لە ڕێگای کاندید کردنی گۆڵ ئەوان وا دەیخەنە بەر چاوانەوە کە هیچ حیسابێ نە بۆ سوپا وە نە بۆ دامەزراوە مەدەنیەکان وە نە بۆ پارتە ڕکەبەرەکانیان نەکراوەو لەوانەیە بە دواشەوە هەموو هەوڵەکانی ڕکە بەرەکانیان بۆ ئەوە بێت کە هەندەی تر سوپا لە ئەکەپە هارتر بکەن لە مەڕ ئەنجامدانی کودەتای سەربازی . بە هەر حال دەبێ پارتی عەدالەو گەشەپێدان و هەردو سەرۆکەکەی ئەردۆگان و گۆل باش بیریان لەو گیرو گرفتانە کردبیتەوەو ئینجا کار لە سەر ئەوە بکەن کە چۆنچۆنی لە توانایان دەبێت لە ناو ئەو کیشە ئالۆزانەی تورکیاو بە جیهانی کردنی بەردەوامی بە دەسەڵاتەکەی خۆیان بدەن.

2007/08/21